# بازاڕی ئۆسكار

نووسینی :موئەیەد مەحمود(كاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com

بڕیارە میهرەجانە سینەماییەكان وەسیلەیەك بن بۆ ناساندن و نرخاندن و گفتوگۆ كردن لەسەر ئەو فلیمانەی كە شایانی ئەوەن گفتوگۆیان لەسەر بكرێت هەروەها ئەم میهرەجانانە بوارێكن بۆ ڕەخنە گرە سینەماییەكان بۆ زیاتر قوڵ بوونەوە و تیشك خستنە سەر لایەنە شاراوەكانی ئەو فلیمانە بە بینەران.لە هەندێك لە میهرەجانە سینەماییەكاندا لانی كەمی ئەم مەرجانە جێ بە جێ دەبن بە تایبەتی لە میهرەجانە ئەورووپییەكاندا ،ئەگەرچی پێ دەچێت لەو میهرەجانانەشدا سیاسەت و هەندێك مەوازینی فیكری كاركردێك لەسەر دابەش كردنی خەڵاتەكان دابنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوارێكی باشن بۆ كردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و جەدەل لەسەر ئەو فلیمانە.كە قسە لەسەر میهرەجانی سینەمایی دەكرێت خێرا بیرمان بۆ كان و ئۆسكار و بوندوقیەو بەرلین و چەند میهرەجانێكی تر دەچێت .ئەمرۆ ئاهەنگی دابەش كردنی خەڵاتی ئۆسكار بەڕێ دەچێت ،بڕیارە سەدان ملیۆن كەس لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەوە ببینن .گومان لەوەدا نییە كە فلیمە ئەمریكیەكان دەچنە خانەی فلیمی توجارییەوە،هەروەها گومانیش لەوەدا نییە كە هۆلیود گەورەترین دەزگای فلیمی توجارییە هەر ئەمەشە وادەكات ئەو میهرەجانەش مۆركێكی توجاری بەخۆیەوە بگرێت كە هۆلیود بەڕێی دەخات.ئۆسكار بە چەند تایبەتمەندییەكەوە دەتوانرێت لە میهرەجانە سینەماییەكانی تر جیا بكرێتەوە.

یەكەم: ئەو فلیمانەی كە دەپاڵێورێن بۆ یەكێك لە خەڵاتەكان ،تەنانەت ئەو فلیمانەش كە پێشبڕكێ لەسەر باشترین فلیمیش دەكەن لە میهرەجانەكەدا نیشان نادرێن ،بەڵكو میهرەجانەكە تەنها بە مەبەستی دابەش كردنی خەڵاتەكان بەڕێ دەخرێت ،لە كۆتایی ئەم نووسینەشدا مەبەستی سەرەكی بەڕێ خستنی میهرەجانەكەمان بۆ دەردەكەوێت.

دووەم : تەنها فلیمە ئەمریییەكان دەتوانن بەشداری لەم میهرەجانەدا بكەن ،جگە لە خەڵاتێك كە بۆ باشترین فلیمی بیانی تەرخان كراوە هیچ فلیمێكی بیانی ناتوانێت پێشبڕكێ لەگەڵ فلیمە ئەمرییكیە پاڵێوراوەكاندا بكات بە پێچەوانەی میهرەجانە سینەماییە جیهانییەكانی تر كە دەرگا لەسەر هەر فلیمێك دەكاتەوە بە چاو پۆشین لە شوێن و ناسنامەی بەرهەمهێنەرەكەی . ڕێگرتن لە فلیمە بیانییەكان لە بەشداری كردن لە میهرەجانەكەدا خۆی لە خۆیدا ئەو غرورە پێچەوانە دەكاتەوە كە هۆلیود تووشی بووە .لە گۆشەنیگای هۆلیودەوە هیچ فلیمێكی بیانی شایانی ئەوە نییە بە فلیمەكانی ئەو بەراورد بكرێن ،ئاخر میهرەجانە سینەماییەكان خۆیان لە خۆیاندا بەراورد كردنی فلیمێكن بە یەكێكی تر و لە بەشەكانی تریشدا وەكو نواندن و سیناریۆ و وێنەگرتن و ....تاد بەراورد كردنی تواناییەكە بە تواناییەكی تر لە هەمان بەشدا.

سێیەم : لە زۆرێك لە میهرەجانە سینەماییەکانی دونیا کۆڕ و سیمینار بۆ بەشێك لە فلیمە بەشدار بووەکان دەگیرێت لە هەندێکیشیاندا دەرهێنەر ڕووبە ڕووی بینەران دەبێتەوە و سەرباری وتەیەك کە خۆی پێشکەشی دەکات وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانیش دەداتەوە ، بەڵام ئەمانە لە ئۆسکاردا ڕوو نادەن .کۆڕ و گفتوگۆ و سیمینار دەورێکی باش دەبینن لە بردنە سەرەوەی ڕۆشەنبیری سینەمایی بینەران ،بینەران لەو ڕێگایەوە خۆیان چەکدار دەکەن بەو کۆدانەی کە دەتوانن لە داهاتودا فلیمە سینەماییەکانی پێ بخوێننەوە.

چوارەم : خاڵی چوارەم گرنگترین خاڵە  و هۆکاری بەڕێ خستنی میهرەجانەکەشە ئەویش ئەوەیە کە ئۆسکار بازاڕێکە بۆ ڕەواج دان و ڕیکلام کردن بۆ کۆمەڵێك کالا .ڕیکلام کردن بۆ تواناییەکان (لە هەموو بوارەکاندا) ڕیکلام کردن بۆ  نەخشەسازەکانی جلوبەرگ  ڕەواج دان بە زێڕو زیو ،جانتا ،پێڵاو .بە کورتی هەرشتێك کە هونەرمەندەکان لەبەری دەکەن یان پێیان دەبینرێت مادەیەکە بۆ ڕیکلام. پارچە کراس هەیە نرخەکەی خۆی لە دەیان هەزار دۆلار دەدات.کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ئەوندەی ئەو کالایانە دەخەنە ژێر ڕوناکی بە قەد ئەوە قسە لەسەر لایەنە هونەرییەکانی فلیمە بەشدار بووەکان ناکەن.ئەمەش لەو چاوپێکەوتننانەدا پێچەوانە دەبێتەوە کە لەگەڵ هونەرمەداکاندا ئەنجامی دەدەن.کەواتە ئۆسکار تایبەتمەندی میهرەجانی سینەمایی تیا نییە ،تا ئەو کاتەی کە کەسێك بە پانتۆڵێکی کورتەوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەی دەچێتە سەر شانۆ ،باشتر وایە ناوی لێ بنێین بازاڕی ئۆسکار.

2006-3-6